بە دڵنیاییەوە؛ مەی حەرام کرا

لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «کوپ هەڵگر بووم لە ماڵی ئەبی تەڵحە، ئارەقیان لەو کاتەدا لە فەزیخ دروست دەکرد، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی بە بانگدەرێك کرد کە بانگ بکات وبڵێت: بە دڵنیاییەوە؛ مەی حەرام کرا، -ئەنەس- دەڵێت: ئەبی تەڵحە پێمی ووت: بڕۆ دەرەوە، وبیڕێژە، منیش دەرچووم وڕژاندم، ئارەقەکە دەڕۆیشت لە ڕێگاکانی نێو مەدینەدا، هەندێك خەڵك ووتیان: خەڵکانێك کوژران لەکاتێکدا ئارەق لە نێو سکیاندا بوو، بۆیە خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند: {لَيْسَ عَلَى الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ جُنَاحٌ فِيمَا طَعِمُوا..} [المائدة: 93] واتە: {نەبووە ونیە لەسەر ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە، وە کردەوە چاکەکانیان کردووە هیچ گوناهێک لەوەی خواردویانە (لە ئارەق و پارەی قومار پێش حەرام کردنیان)..}».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

ئەنەس -ڕەزای خوای لێبێت- دەیگێڕێتەوە بۆمان کە ئەو کوپ هەڵگر بوو بۆ ئەو کەسانەی دەهاتن بۆ ماڵی ئەبی تەڵحە -ڕەزای خوای لێبێت- کە مێردی دایکی بوو، ئارەقیان لەو کاتەدا لە فەزیخ دروست دەکرد، ئەمیش بریتیە لە تێکەڵەی خورما پێگەیشتوو وخورمای پێنەگەیشتوو، بانگکاری پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بانگی کرد، ووتی: بە دڵنیاییەوە؛ مەی حەرام کرا، -ئەنەس- دەڵێت: ئەبی تەڵحە پێمی ووت: بڕۆ دەرەوە، سەرەو خواری بکە وبیڕێژە، منیش سەرەو خوارم کرد وڕژاندم، ئارەق دەڕۆیشت لە ڕێگاکانی نێو مەدینەدا، هەندێك خەڵك ووتیان: هەندێك لە هاوەڵان کوژران پێش حەرامکردنی ئارەق لەکاتێکدا لە نێو سکیاندا بوو، بۆیە خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند: {لَيْسَ عَلَى الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ جُنَاحٌ فِيمَا طَعِمُوا..} واتە: {نەبووە ونیە لەسەر ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە، وە کردەوە چاکەکانیان کردووە هیچ گوناهێک لەوەی خواردویانە (لە ئارەق و پارەی قومار پێش حەرام کردنیان)..}». [سورەتی -المائدة-: ئایەتی 93]. واتا: گوناهـبار نین ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە، وئارەقیان خواردووەتەوە پێش ئەوەی حەرام کرابێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/66034